پرۆفیسۆر فلیپ شمیتەر

تایبەتمەند لە رۆڵی پارتی سیاسی لە پرۆسەی دیموکراتیدا بۆ گوڵان:

هەتا خەڵک لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی چینێک، یان ئایینێک، یان ناوچەیەک، ئەندامی حزبە سیاسییەکان بن، ئەوا پرۆسەی دیموکراتی بونیادنانرێت و ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست دەبێت

پرۆفیسۆر فلیپ شمیتەر کە ئێستا تەمەنی لە هەشتا ساڵ نزیك دەبێتەوە، ماوەی نیو سەدەیە کاری تیۆرینەوە و وانەوتنەوە لەسەر زانستی سیاسەت و رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی دیموکراتی دەکات و لە ساڵی ١٩٦٧ ئوستادی زانستی سیاسەت بووە لە زانکۆی شیکاگۆ و لە ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٦یش لە زانکۆی ئامۆژگای ئەورووپا و لە ١٩٨٦-١٩٩٦ ئوستادی زانستی سیاسەت بووە لە زانکۆی ستانفۆرد، لە ساڵی ٢٠٠٤یشەوە جارێکی دیکە بۆتەوە ئوستادی زانستی سیاسەت و سیسیۆلۆژی لە زانکۆی ئامۆژگای ئەورووپا لە فلورەنسا لە ئیتالیا. بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵ و گرنگیی حزبی سیاسی لە پرۆسەی دیموکراتی و ئەو ئاستەنگانەی حزبە سیاسییەکان لە دیموکراتییە نوێیەکاندا دروستی دەکەن، هەروەها ئەو گۆڕانکارییەی بە سەر رۆڵی حزبە سیاسییەکاندا هاتووە لە ئاکامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەدەی بیست و یەك، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر شمیتەر کرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** حزبی سیاسی و بونیادی دیموکراتی جمکن و لە یەکتری جیاناکرێنەوە و بەبێ حزبی سیاسی دیموکراتی نوێنەرایەتی بونیاد نانرێت، بەڵام سەرەڕای ئەو گرنگییەش زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە پارتە سیاسییەکان ناتوانن دیموکراسییەتی مۆدێرن بپارێزن، چۆن دەتواندرێت ئەم دژیەکییە ئیدارە بکرێت و دیموکراسی بپارێزرێت؟**

- دیارە تێڕوانینە باو و تەقلیدییەکە بەو جۆرەیە پارتە سیاسییەکان ئامرازێکی سەرەکین لە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتی و پتەوکردن و چەسپاندنی دیموکراتیدا، بۆیە پێویستە جۆرە رێککەوتنێك لە نێوان پارتە سیاسییەکان هەبێت بەوەی چۆن پابەند بن بە رێسای گەمەکەوە، بەڵام لە کاتی پراکتیزەکردن و ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان لەگەمەکەدا، جۆرێکی دیکەیە و ناتوانن ئەو رۆڵە بگێڕن کە پێویستە لە پرۆسەی دیموکراتیدا بیگێڕن. بۆ ئەمە دەتوانیت لە کارەکانی ئادەم جیبۆرسکی بڕوانیت کە لەسەر ڕەفتاری حزبەکان لە پرۆسەی دیموکراتی هەڵوەستە دەکات و ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەو سەردەمە بەسەرچووە و چیتر پارتە سیاسییەکان ناتوانن بەشدار بن و ئەو ئامانجە بەدەست بهێنن کە لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا بەدەستیان هێناوە، یان راشکاوانەتر ناتوانن ئەو ئامانجە بەدیبهێننەوە کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەدەستیان هێناوە. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دیسان پارتە سیاسییەکان گرنگن بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، بۆ نموونە لە ئیتاڵیا بەتایبەتی هەروەها ژاپۆن و .. تاد. بە دڵنیاییەوە پارتە سیاسییەکان لەوێدا لە ژێر کاریگەریی هێزی دەرەکیدا بوون، وەك ئەمریکا. بەڵام بۆ سەدەی بیست و یەك بە بۆچوونی من کێشەکان بەم شێوەیەن کە بێ متمانەییەکی گشتی لە ئاست سیاسەتمەدارەکاندا هەیە، تەنانەت ئەو سیاسەتمەدارانەش کە سەربەخۆن و جیان لە پارتە سیاسییەکان و ئەندامی پارتە سیاسییەکانیش نین، هەروەها بێ متمانەییەك هەیە لە ئاست پارتە سیاسییەکاندا، کەواتە تۆ کێشەی چەسپاندنی دیموکراسیت هەیە لە ڕۆژگارێکدا- من مەبەستم ئەوەیە لە جیهاندا- کە خەڵکی ئاستێکی پەروەردەیی باشتریان هەیە و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئاگاداری ڕاستیەکانن، هەر بۆیە ئەمە وایکردووە هاوواڵتیان هۆکاری خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بکەن کە سیاسییەکان وەك پێویست نوێنەرایەتی ئەوان ناکەن. ئەگەرچی هەندێ کەس باس لە بوونی تێڕوانینێکی گوماناوی دەکەن نەك بێ متمانەیی، لایەنێکی دیکە لەم پرسەدا ئەوەیە، پێشتر لە سەدەی بیستەم خەڵك متمانەی بە پارتە سیاسییەکان بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە و پارتەکان خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بوون، بەڵام لە ئێستادا خەڵکی باوەڕیان بەوە نییە ئایدۆلۆژیایەکی جێی متمانە و میسداقییەت هەبێت، یاخود تێڕوانینێکی جیاوازی هەبێت بۆ دیموکراسی، ئەگەر ئەم حاڵەتە لە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا بوونی هەبێت، ئەو حاڵەتەیە وڵاتەکە پارتی بەهێزی وەك میرات بۆ دەمێنێتەوە، بۆ نموونە لە چیللی و ئیسپانیا و تەنانەت پورتوگال و یۆنان-یش کە سیستمێکی پارتی سیاسی بەهێزیان بۆ ماوەتەوە و ناسنامەیەکی بەهێزیان هەیە و هەموو کەسێك دەزانێت کێ سەر بە چ پارتێکی سیاسییە و چ خانەوادەیەك پەیوەستە بە چ پارتێکی سیاسییەوە. لێرەدا پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی زۆر بەهێز دەبینن، بۆ نموونە لە ئیسپانیا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە وڵاتێکی وەك عێراق، یاخود ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا پارتگەلێکی لەم چەشنە بوونی نییە. کەواتە چۆن دەتواندرێت متمانە بە پارتە سیاسییەکان دروست بکرێتەوە لە ڕۆژگاری ئێستادا لە کاتێکدا کە ئایدیۆلۆژیایەکی قەناعەت پێهێنەر بوونی نییە، یاخود ئایدۆلۆژیایەکی بەدیل بوونی نییە؟

*** ئەو تەحەددییەی ڕووبەڕووی دیموکراسی دەیێتەوە لە سەدەی بیست و یەکدا دوورتر لە سنووری ئایدیۆلۆژییەکان دەڕۆن، واتە پارتە سیاسییەکان هەر ئایدیۆلۆژیایەکیان هەبێت، ئەوا ڕووبەڕووی هەمان تەحەددی دەبنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر پارتە سیاسییەکان لە ئاست تەحەددییەکاندا نەبن، ئەوا گرنگیی پارتە سیاسییەکان بۆ دیموکراسی چی دەبێت؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا و ئەمە دەقاودەقی کێشەکەیە، هۆکاری ئەوەی هەندێ کەس شۆنکەوتەی پارتێکی سیاسین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی تەقلیدی خانەوادەکەی وابەستەی ئەو پارتەن، بەڵام وابەستەبوونی ڕاستەقینە بە پارتێکی سیاسییەوە بریتییە لە باوەڕبوون بە بەرنامە و ئایدیۆلۆژیاکەیەوە، یاخود تێڕوانینی ئەو پارتە بۆ ئایندە. کە پێویستە ئەو تێڕوانینە بە شێوەیەکی گەورە جیاواز بێت لە تێڕوانینی پارتە سیاسییەکانی دیکە. زەحمەتە بۆ من خۆم بخەمە جێی عێراق- ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت-کاتێك وڵاتێك لە قۆناغی ڕاگوزەریدا دەبێت، ئەوا پارتە سیاسییەکانی خەسڵەتێکی تایبەتیان دەبێت، بەڵام ئەو وڵاتانەی من شارەزاییم لەسەر یان هەیە، کێشە سەرەکییەکەیان ئەوەیە خەڵکی ئەو وابەستەییان نییە بە ڕابردووەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان میراتگری

کاتێك سیستمی حزبایەتی کاری خۆی ناکات، ئەوا مەیلی دروستبوونی پۆپۆلیزم دێتەئاراوە، ئەمەش هەر تەنها دیموکراسییە نوێیەکان ناگرێتەوە. بەڵکو دیموکراتییەتی پێگەیشتووش دەگرێتەوە

لە تیۆری دیموکراتیدا کاتێك پارتە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن، کە خەڵک بتوانێت وابەستە بوونە سەرەتاییەکان تێپەڕێنن و ئەو قۆناخە ببڕن کە خۆیان لە دەوری چینێك، یاخود ئایینێك، یان بەرژەوەندیی ناوچەیەك ڕێکدەخەن

پارتی سیاسی بەهێز نەبوون، کەواتە لە سەرەتاوە و لە سفرەوە دەستیان بە پێکهێنانی پارتی سیاسی کردووە، کێشەی دووەم ئەوەیە لە کاتێکدا ئەم کارە دەکەن کە بێ متمانەیەکی گشتی هەیە بە سیاسییەکان و بێ متمانەیەکی گەورە بە پارتە سیاسییەکان هەیە، کەواتە کێشەکە ئەوەیە ئایدیۆلۆژیاکان میسداقییەتیان نییە، یاخود وەک بەدیلێکی میسداقییەتیان نییە، هەروەها دووریی نێوان ئەو حزبانەی کە دەڵێن نوێنەرایەتی مافەکانی خەڵک دەکەن، لەگەڵ ئەو ئەدای خەڵک بەچاوی خۆی دەبیێنێت، زۆر لێک دوورن، ئەمەش مانای ئەوەیە لە بری ئەوەی پارتەکان هاوکاربن بۆ بونیادی دیموکراتی، دەبنە ئاستەنگ لە پرۆسەکەدا.

ستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی

ئێستاش بە ڕوونی ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت، کە خەڵکی گۆڕانکارییان دەوێت و شۆڕش دەکەن و ناسەقامگیری دروست دەکەن، کە دواتر ئاسایی کردنەوەی ئەو ناسەقامگیرییە زۆر زەحمەت دەبێت، ئایا ئێوە چۆن ئەم پرسە لێك دەدەنەوە؟

- من بەم شێوەیە وەسفی دەکەم ئەویش بریتییە لە دژواریی جیاوازی هێزی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی بۆ تێکدان و ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتانەی لە ئارادان و سەختی لە گواستنەوەی ئەم ئامرازانەی پەیوەندیکردن بۆ ئەندامێتیی ڕاستەقینە، یان بەشداریکردن لە ڕێکخراوێکدا، ئەمە جیاوازییەکەیە، کەواتە ئەمە تەکنەلۆژیایەکی زۆر زۆر تێکدەرە، کەس گومانی لەمە نییە، بەڵام کاتێك بەکارت هێنا، ئەوا زۆر زۆر نەگونجاوە بۆ دروستکردنی گرووپێکی درێژخایەن کە بتوانێت هەڵوێستی هاوبەشی هەبێت و کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی ئەندامەکانی بکات و ئەو شتانەی پێویستن بۆ ئیدارەدانی دیموکراسییەتێکی چەسپیو. کەواتە ڕاستە ئەمە کێشەیەکی زۆر زۆر مەترسیدارە.

*** ئەگەر لایەنێك پرسیارمان لەسەر نەکردبێت، لێرەدا دەتوانی ئاماژەی پێبکەیت؟**

- سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی دوو پرسیار هەیە، یەکەمیان ئەوەیە چۆن پارتە سیاسیەکان زیندوو بکەینەوە؟ یان چی بکەین بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان مانایان هەبێت و میسداقییەتیان لای خەڵك هەبێت؟ بە دڵنیاییەوە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و بەدەستهێنانی ئاکامێکی ئەرێنی و شتێکی زۆر باش دەبێت لە پێوەندی بە دیموکراسییەوە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ڕاشکاوانە ئەوەتان پێبڵێم، من وەك خۆم هەتا ئێستا وەڵامی ئەم دووپرسیارەم نەدۆزیوەتەوە، نازانم ئەمە دەکرێت یان نە، و ڕەنگە خوێنەرانی ئێوە بزانن، بەڵام من نازانم، واتە گومانم هەیە ڕێگاچارەیەکی گشتی هەبێت، ئەگەر هەبێت، ئەوا جیاواز دەبێت بۆ دیموکراسییە جیاوازەکان، یان بۆ بەشە جیاوازەکانی جیهان. پرسیارەی دووەم ئەوەیە- کە من لە بارەیەوە نووسیومە- ئەوەیە با دەست لە پارتە سیاسییەکان هەڵگرین و لە خۆمان بپرسین: ئایا ئێمە دەتوانین بێ بوونی پارتی سیاسی وێنای دیموکراسی بکەین؟ ئەمەشیان تا ئێستا وەڵامم دەستنەکەوتووە و هیوادارم ببێتە پرسیاری گۆڤارەکەی ئێوەش بۆ ئەوەی خوێنەرانتان لە وەڵامدانەوەیدا بەشداری بکەن.

پێشتر لە سەدەی بیستەم خەڵک متمانەی بە پارتە سیاسییەکان بوو، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە و پارتەکان خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بوون، بەڵام لە ئێستادا خەڵکی باوەڕیان بەوە نییە ئایدۆلۆژیایەکی جێی متمانە و میسداقییەت هەبێت

هەڵەبجەی بۆسنە!

عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

وەك شـــاری هەڵەبجەی کوردیی کە لە ساتەوەختانی چەند کاژێرێکـــدا یان لە مـــاوەی کەمێـــك ڕۆژدا، پێنج هەزار مرۆڤی ســـڤیل بوونە قوربانی، کوشـــتنی هەشـــت هەزار هاوواڵاتی موســـڵمانیش لە بۆســـنە تەنیا پێنج ڕۆژێکی وایست، ئەو جینۆســـایدەی بۆنی دڕندەترین کارەساتی لێ دەهـــات لە ئەورووپای پـــاش جەنگی دووەمـــی جیهانی، وێڕای تێپەڕینی بیســـت ساڵێك بەســـەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییەدا کە لە ١١ی تەمووزی ساڵی ١٩٩٥ قەوما، پاش دەستهەڵگرتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەرك و بەرپرســـیارێتیەکانی لە ماوەی نێوان ١٩٩٢ تا ١٩٩٥، تا ئێستاش نزیکەی هەزار قوربانی تەرمەکانیان نەدۆزراونەتەوە، هەر ســـاڵەی ژمارەیەکی نوێی تری قوربانی دەدۆزرێنەوە، کە ئەمەش پاش جینۆســـایدە گەورەکەی سربرنیتشـــا وەك نەریتێکی ســـاڵانەی لێهاتووە، تەنیا لە یەك ساڵی پێشوودا شوێنەواری ١٣٦ قوربانی تر دۆزرانەوە.

ئەو جینۆسایدە ڕەشترین و توندترین ڕیسوایی پێوەندیدارە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە لە ئەورووپادا، وێڕای تیشك خستنەسەر تاوانەکە خۆ ئەگەر قوربانیەکان موسڵمان نەبوونایە هەموو دنیایان لەسەر هەڵدەســـتێنرا، ئەگەر قوربانیەکانی لە جوولەکـــەوە خۆڕئاواییەکان بوونایە دەخرایە چوارچێوەی پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی کۆمەڵکوژی گەورەوە، تەنانەت ئەگەر تاقە کەســـێك یان چەند گەشتیارێکی بگرتایەتەوە، بەبێ ئەوەی لە ڕۆحی پیرۆزی مرۆڤ کەم بکەینەوە ئیتر لە هەر کەســـانێك بن، تاوان هەر تاوانـــە ئیتر ژمارەکانی هەرچەندێك بن، ڕاستە مردنی مرۆڤێك کارەساتێکە، بەڵام چی ئەگەر هەشت هەزار مرۆڤ بکوژرێن ئایا واتای ئەوە نییە هەشت هەزار کارەسات ڕوویداوە زیاتر ئەوەی پێوەندی بەکەسوکاری قوربانیان و خزم و هاوڕێ و کۆمەڵگاکەیانەوە هەیـــە، مەرجی ئـــەم ژمـــارە زۆرەی خەڵکـــی بەواتای ستەمکاری و دڵڕەقی نییە ســـەبارەت بەکەسوکاریان تەنیا ســـەرژمێرییەك نییە وەك ســـەرژمێری ئەو کوشتارگانەی دەخرێنە پاڵ ستالین.

وەك لـــە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ژیانی مرۆڤ پیرۆزکراوە ناکرێت بەناهـــەق و بەهەند وەرنەگیرێت، وەك لەســـورەتی مائیدەدا ئایەتی ژمـــارە ٣٢ هاتووە (مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْـرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًـا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُـلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَٰلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ)، وەك ووتراویشە کوشتنی مرۆڤێك لە دارستانێکدا تاوانێکە لێخۆشبوونی نییە، بەڵام کوشتنی گەلێکی ئـــارام و ئاســـوودە مەســـەلەیەکە ئاوڕدانەوەی پێویستە.

ئەم کوشـــتارگە ترســـناکە تا ئێستا بەبێ ســـزاگەیاندنی تاوانبارانـــی تێپەڕیوە بەتایبەتی ئەوانـــەی فەرمانیان بەو کارە کردووە، هەروەهـــا ئەوانەی جێبەجێیان کردووە ئەمەش بەپێچەوانەی هەموو دابە یاسایی و مرۆڤایەتی و ئاینیەکانە،

کوشتن لە دەرەوەی دادگادا بریتییە لە تاوانێك کە ڕەوای هەقە تاوانبارەکە سزای لەسەر بدرێت، ئەی تاوانێك بەو قەوارە گەورەیەوە چی، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و سەرەڕای کوشتارگەی موسڵمانان لە سربرنیتشا بۆ خۆی تاوانێکە بە ناوی جینۆساید، پیاو و کوڕانی سڤیلی گرتەوە، بووە هۆی هەڵهاتنی دەیان هەزار مەدەنی تر، ئەوانەی ئەم تاوانەیان ئەنجامدا بەسەرپەرشتی جەنەڕاڵ ڕاتکۆ ملادیتش بوون، بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکان شکستی هێنا لەوەی بیکاتە جینۆساید بەهۆی کاری ڤیتۆی ڕووسیەوە دژ بە پرۆژەبڕیارەکەی لەو دواییانەدا بەریتانیا پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی کردبوو.

بەنجبوون و خاوخلیسکی ویژدانی جیهانیی بەرانبەر ئەو جینۆسایدە ڕیسواییەکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەی چی بە کەسوکاری قوربانیان دەوترێت، تاوانی لەو فەزاحەتەو خەمساردی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەڵوێستی نابەرپرسانەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەنگدانەوەی ئەو شوورەییە بونیادیەی سیستمی جیهانییە کە پاش دوو جەمسەرێتی ئەو سیستەمە دارماوە، پڕیەتی لە کەلێن و عەیبوعار، درندانەترو کەم دادوەرانەترە لە جاری جاران.

بیست ساڵێك تێپەڕی بەسەر ڕوودانیدا کەچی جار دوای جار نەتەوەیەکگرتووەکان شکست دێنێ لەوەی بیکاتە جینۆساید، ئایا ئەوە گاڵتەکردن نییە بە بەهاکانی جیهانگیری، هەستکردن نییە بە نابەرپرسیارێتی لەبەرانبەر کۆسوڤۆی سیستمی مافپەروەرانەو یاساییانەو ئاینی و ڕەوشتیانە، گەرچی ددانپێدانان بەوەی جینۆسایدە بەس نییە، بەڵام هەنگاوێکە بۆ تاوانبارکردنی بکەرانی و پێشکەشکردنیانە بۆ بەردەم دادپەروەری نێودەوڵەتی، بە تایبەتی پاش دروستبوونی سیستمی ڕۆما ساڵی ١٩٩٨و دامەزراندنی دادگای کەتنی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٢ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، نەك تەنیا ئەوانەش بەڵکو فەراهەمبوونی دادپەروەری بۆ قوربانیان پێویستیی بە پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووانی جینۆسایدەکەشە، ئەوانەی خراونەتە بەر زەبرو لاقەکاری سێکسی، وێڕای چارەنووسی بزربوونی ئەو تاوانە تا ئەمڕۆش.

وێڕای ئەوەی هەردوو دادگا نێودەوڵەتیەکان بە کوشتارگە لە حەقی موسڵمانانی بۆسنەو هەرسك ناوزەدیان کرد بەوەی تاوانی دژە مرۆڤایەتییە، هەروەها دانپێدانانی پەرلەمانی ئەوروپی بەوەی جینۆساید ڕوویداوە، وێڕای ئەمانە ڤیتۆی ڕووسیایی بووە هۆی ڕاگرتنی ئەو بڕیارانە، هەروەها چین و ئەنگۆلاو نێجیریاو فەنزویلا دەنگیان بە پرۆژە بڕیارەکە نەدا، چونکە هەندێ لەم دەوڵەتانە کۆك نین لەوەی ڕاگەیەندراوە، بەتایبەتی کاتی دوای سیاسەتێکی ئینتیقائی و دوفاقیانە لە پێوەرەکاندا کەوتوون، ئەمەش یەکێکە لەو پارادۆکسانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی کە مرۆڤ تووشی شۆك دەکەن.

سڕبەکان لە هەوڵی بەردەوامدان تا دۆزی دادپێدانان و بەردەوامبوون لەسەر نەکردنی بگشتێنن تا داوای

ڕیسواکردنی هەموو تاوانەکانی ئەو شەڕە وەك یەك بكەن، واتا یەکسانکردنی قوربانی بە جەلادەکان، لە کاتێکدا ڕێژەی قوربانیانی موسڵمانان٩٢٪و قوربانیانی سڕب٥٪و کرواتەکانیش٣٪. جیهانیش هەموو ئاگاداری دڕندایەتی ئەو تاوانەیە، بەتایبەتی کوشتنی خەڵکی سڤیل لە شوێنی دەرەوەی ململانێ چەکدارییەکاندا.

وێڕای دادگای تاوانەکانی جەنگ لە یوگسلاڤیای پێشوو هەندێ لە بکەرانی ئەو تاوانەیان تۆمەتبار کرد بەوەی جینۆسایدیان ئەنجام داوە، بەڵام سربیای بێتاوانکرد لە بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی ئەو کوشتارگانە، خستینیە قاڵبی سربە بۆسنیەکان، بەڵام ئەوە خۆشنابێت لە بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی سڕبی ڕادۆڤان کراجیتش و جەنەڕاڵ ڕاتکۆ ملادیتش، کە سەرکردەی گرووپە سڕبیەچەکدارەکان بوون و پاڵپشتی تەواوی سڕبیایان لە پشت بووە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە بە کۆمەڵە، هەروەها چەندین گرووپی تری سەربازی ڕووسیایی و یۆنانی و بولگاری و ڕۆمانی بە هەنجەتی نەتەوەییبوون و ئاینپەرستێتی بەشداربوون وەك لە وێنەکاندا هەن کە ئاڵای ئەم وڵاتانەش بەسەر کەللەسەری قوربانیانەوە دەشەکێنەوە، بەڵگەش هەیە کە جەنەڕاڵ ملادیتش فەرمان بە کوشتنیان دەکات.

ئەگەر ڕێگەی دادپەروەری ئاڵۆزو درێژبێت هەندێ کەرەت، ملکەچی پێکرابێت لە پێناوی هاوسەنگێتی هێزو بەرژەوەندیەکان، بەڵام دۆسیەکانی قەزای نێودەوڵەتی کۆمەڵێك بڕیاری لەلایەن دادگای تاوانەکانی تایبەت بە یوگسلاڤیای پێشوو سالی ٢٠١٠ لێ کەوتۆتەوە بەوەی قورسترین سزای کۆمەڵێك تۆمەتبارو بکەرانی ئەو تاوانانە بدرێن، لەبەرانبەر تاوانی جەنگ کە ئەنجامیان داوە، ئەمە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە خەڵکانی سڤیلە، بەتایبەتی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ بۆ سالی ١٩٤٩، هەروەها هەردوو پرۆتۆکۆلی پاشکۆ بەو مەبەستە سالی ١٩٧٧، ئەم تۆمەتبارکردنانە دادپەروەرانە نەبوون سەبارەت بە قوربانیان، ئەمەش وایکردووە بۆسنیەکان و موسڵمانان بەتایبەتی لە چاوەڕوانی وەدیهاتنی دادپەروەریدا بمێنننەوە.

کەلتووری باوی ڕەتکردنەوەی ئەو تاوانانە لەلایەن بکەرانی و هاوسۆزانیانەوە وەك تاوانی نێودەوڵەتی بەردەوامە، دانپێدانەنان بە بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو تاوانانە مێژووی پڕی لە دوفاقێتی و داخورانی مێژوویی کردووە، ئەگەر داوای لێبووردنەکەی بەلجیکا لە کۆنگۆ لە کاتی داگیرکاریدا بابەتێکە ستایش بکرێت، کەچی تورکەکان تا ئێستا ئەو تاوانی جینۆسایدانەی دژ بە ئەرمەن کراون ڕەت دەکەنەوە، هەروەها فەرەنساویەکان داوای لێبوردن لە جەزائیریەکان ناکەن، ئەمەریکیەکان دەدان نانێن بەو تاوانانەی دژ بە خەڵکی هیندیە سوورەکانی بە ڕەچەڵەك ڕەسەنی ئەو وڵاتە ئەنجامیان داوە، ئیسرائیلیەکان خۆیان بێگوناە پیشان دەدەن لەو کارە ڕەگەزپەرستیانەی دژ بە خەڵکی بە بنەچە ڕەسەنی عەرەبی وڵاتەکەیان لە فەلەستین دەیکەن، هەروەها تاوانەکانی دەرهەق بە کورد ئەنجامدراون لە عیراقدا لەوانەش هێرشی دڕندانەو خوێنڕێژانەی ئەنفال کە بە دەیان هەزاریان لێ کراونەتە قوربانی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە هەڵەبجەو زۆر ناوچەو گوندی تری کوردستان، لای شۆڤێنیست و لەخۆباییەکانی تری عەرەبەوە دەخرێنە ناو خانەی گومانکاریی. لەراستیدا هەندێك لە دادپەروەران بڕیاریان لەسەر ئەو ڕووداو و جینۆسایدانە داوە کە حکومەتەکانی پێشوو یا ئێستایان ئەنجامی دەدەن بەڵام زۆربەی زۆریان خۆیان لەئاست ڕووداوەکاندا نابینا کردووەو بەهانەو پاساوی نابەجێ بۆ تانە لێدان دەدۆزنەوە، هەندێك خەڵکی بەلگراد ویستیان پرسەو سەرەخۆشی بۆ کەسوکاری قوربانیانی سربرنیتشا بنێرن، بەڵام ڕێگەیان لێگرتن، ئەوانیش بەو بۆنەیەوە گوڵ و مۆمیان بەدەستەوە گرت، تا لە دواجاردا سەرۆك وەزیرانی سربیا ئەلکسەندەر فوسیتشیان ناچارکرد شوێنی یادکردنەوە کە جێبهێڵێت پاش ئەوەی بە پێڵاوو بەرد ڕاویان نا، بیل کلنتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی شاندێکی وڵاتەکەی گەیشتە وڵاتی بۆسنیا تا لەمەراسیمی سەرەخۆشیکردن لەقوربانیان بەشدار بێت هاوشانی ئەویش لەشاندەکەدا وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا مادلین ئۆلبرایت ئامادە بوو، سەرۆکی تورکیا بەو بۆنەیەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان پەیامێکی خوێندەوە تێیدا وتی:(جیهانێکمان دەوێت منداڵانی تێدا نەکوژرێت) بە بۆسنەکانی وت:(لەو بڕوایەدا بن لەدوورەوە دڵی ئێمە بەو کارەساتانە لەرزاوە کە تێیدا ژیاون). لە کۆتایی ئەم بابەتەدا بەرپرسیارانی ئەو مەرگەساتە مرۆڤایەتیەم دەستنیشان کرد، ئەویش لە وتەی کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشووی سالی ٢٠٠٥ی لەنامەیەکیدا کە بە بۆنەی زیندووڕاگرتنی سالۆەگەڕی قوربانیان، پەیامێکی ئاڕاستەکردن و وتی: ئۆبالی ئەو تاوانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی پیلانیان بۆ داناوەو جێبەجێیان کردن و ئەوانەش کە هاریکاریان بوون، بەڵام لە هەمووی زیاتر ئۆبالەکە دەکەوێتە ئەستۆی وڵاتانی زلهێز و نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەر ئەوەی شکستیان هێناوە لە بڕیاردان، دووەمیش نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵەیەکی گەورەی کرد لەکاتی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیەکەدا، لەبەر ئەوە ڕەشەکوژی سربرنیتشا تا ئەبەد خاڵێکی ڕەشە لەمێژووی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

تاوان هەر تاوانە ئیتر ژمارەکانی هەرچەندێک بن، ڕاستە مردنی مرۆڤێک کارەساتێکە، بەڵام چی ئەگەر هەشت هەزار مرۆڤ بکوژرێن ئایا واتای ئەوە نییە هەشت هەزار کارەسات ڕوویداوە زیاتر ئەوەی پێوەندی بەکەسوکاری قوربانیان و خزم و هاوڕێ و کۆمەڵگاکەیانەوە هەیە

لە عیراقدا هێرشی دڕندانەو خوێنڕێژانەی ئەنفال کە بە دەیان هەزاریان لێ کراونەتە قوربانی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە هەڵەبجەو زۆر ناوچەو گوندی تری کوردستان، لای شۆڤێنیست و لەخۆباییەکانی تری عەرەبەوە دەخرێنە ناو خانەی گومانکاریی

ئەگەری دەستێوەردانی زەمینی لە ئەنبار

فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەنووسێت

یەکەم ئاماژەی فەرمی بۆ ئەگەری دەستێوەردانێکی زەمینی لە ئەنبار بۆ پاککردنەوەی پارێزگاکە لە داعش، هەفتەی رابردوو لە سەر زاری باراك ئۆباما-ی سەرۆکی ئەمریکا هاتەئاراوە، کاتێك ئۆباما وتی: پاککردنەوەی ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق پێویستی بە دەستێوەردانی دراوسێ عەرەبەکانی عێراقە. پێش ئەم لێدوانە، هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار، لەوانە فالح عیساوی، رایانگەیاندبوو کە ئەنبارییەکان پشتگیریی دەستێوەردانێکی زەمینیی ئوردونی دەکەن.

لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا ئەگەری دەستێوەردانی زەمینی بە گەرمی لێی دەکۆڵدرێتەوە، بەڵام پڕۆژەکە هێشتا روون نایەتە بەرچاو. ئەوەی کە لە پڕۆژەکە بە مسۆگەری یەکلا بۆتەوە، بەشداربوونی ئوردون-ـە لەناردنی هێز بۆ ئەنبار. هەروەها ئەمریکا و رەنگە پەیمانی ناتۆ-ش، لانیکەم لە ڕێی دابینکردنی راوێژکار و پسپۆڕەوە و تەنانەت بە هێزێکی دیاریکراویشەوە، لە ئۆپەراسیۆنەکە بەشدار بن. بەڵام هێشتا دوو مەسەلەی دیکە یەکلا نەکراونەتەوە. یەکێکیان بەشداری پێکردنی دەوڵەتانی دیکەی عەرەبە، لەوانە میسر، یان سعودیە، و ئەوی دی شێوەی هەماهەنگییە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. سەربار، لەم رووەوە خاڵێکی گرنگیش هەیە کە دەشێ گوڕ و هێزێك بە دەستێوەردانەکە ببەخشێ، ئەویش پشت بەستنێتی بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش.

بەغدا تا ئێستا لەم رووەوە بێدەنگە. دیارە ئەستەمە بتوانێ بەڕەرچی دەستێوەردانەکە بداتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکە پشت ئەستور بێ بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەغدا دەستێوەردانەکەی پێ خۆش نییە. تاکە ڕێوشوێن لە بەردەم بەغدادا بۆ پەکخستنی پڕۆژەکە، ئەوەیە کە بتوانێ لە ماوەیەکی کورتدا و بەم نزیکانە دەست بە سەر فەللوجە و ئەنباردا بگرێتەوە. بەکردەوەش، هەنگاوی بۆ ئەم مەسەلەیە ناوە.

ئەگەر دەستێوەردانەکە هاتەدی، رەنگە بەغدا زۆر دژی بەشداریی ئوردون نەبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر دژی بەشداریی سعودیە دەبێ. سیاسەتی دەرەوەی ئوردون، بە پێچەوانەی سیاسەتی دەرەوەی سعودیەوە، دوورنمایەکی تایفەگەریی نییە، جگە لەوەی کە پێوەندیی ئابووریی نێوان عێراق و ئوردون، بەتایبەتی لە بواری نەوت و ڕاکێشانی لوولەی نەوت لە عێراقەوە بە ناو خاکی ئوردون-دا، تا ئەندازەیەکی باش گەشەی کردووە، بەڵام سعودیە لە میمۆریی شیعەکاندا، لەسەردەمی عوسمانییەوە، کاتێك ئیخوانە وەهابییەکان هێرشیان دەکردە سەر کەربەلا و نەجەف و شیعەکانیان دەکوشت، لاپەڕەیەکی ڕەشی هەیە.

لەڕووی سوپاییەوە، ئوردون شایستەی متمانە پێ کردنە. ئوردون لە ساڵی ١٩٤٨دا، لە سەردەمی یەکەم جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا خاوەنی گەورەترین و بەهێزترین سوپا بوو لە ناو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، ئێستاش سوپای ئوردون بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە سوپایەکی پیشەگەر و دیسپلیندار و بەتوانایە.

ئەوەندەی کە پڕۆژەکە کاری بە سەر سیاسەتەوە هەیە، بەشێك لە ئامانجی پڕۆژەکە دروستکردنی لەمپەرێکە لە بەردەم دڕێژبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران بۆ ناو سوننە و ناوچە سوننەنشینەکان. هەروەها دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە دەستێوەردانی دەرەکی، لە ناوەڕۆکدا بەشێکە لە پلانێك بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ناوچە سوننەنشینەکان لەڕووی سیاسییەوە و سەرلەنوێ بنیادنانەوەی پێوەندیی نێوان بەغدا و سوننەکان لە سەر بناغەیەکی تازە. ئەمەش ڕەنگە پێکهێنانی هەرێمێك، یان چەند هەرێمێك بۆ سوننە بگرێتەوە و ڕەنگە مەسەلەی تریش بگرێتەوە.

پێناچێ ئۆپەراسیۆنەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش تەگەرەی بۆ دروست بێ و تەنانەت هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کە هەندێ لایەنی وەك ئێران و تورکیا دژی بوەستنەوە.

بێگومان دەستێوەردانەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ڕەوشی ناوخۆی سووریاش دەبێ، ڕەنگە ئەگەر بە پێویست زانرا، سیناریۆکە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەوێش دووبارە بکرێتەوە.